

ئارام سدیق

# هونەری کۆلاژکردن لە چیرۆکی "باوکی ناو تەلەفون"ی ئارام کاکەی فەلاحدا

## سەرەتا



مارکیز لە چاوپێکەوتنێکیدا باس لەوە دەکات، یەکێک لە گرفتە گەورەکانی نووسین، نیگەرانی لە رادەبەدەرە، ئەوە خەونی نووسەرە، کە بتوانێت بەو شێوەیەی قسە دەکات بنووسێت، بەڵام ئەو کارە پراکتیکی نییە، کاتێ هەوڵ دەدەین، دەبینین چەندە زەحمەتە. رەنگە زۆر نەبن ئەو نووسەرانەی لە نوسینەکانیان بچن، بەڵام ناتوانین بڵێین هیچ نووسەرێک "بەتەواوی" دابڕاوە لە نووسینەکانی و هەمیشە نووسەران بەگشتی و چیرۆکنووسان

بەتایبەتی حیکایەتی دڵی خۆیان تێکەڵی گێڕانەوە دەکەن، پێناچێت ئەو حیکایەتانە واقیعی بن، رەنگە فەنتازی بن، یان بەرجەستەبووی خەونێکی نووسەر بن، هەموو ئەم حاڵەتانە شیاوە، بۆیە زۆر جار لە کاتی خوێندنەوە، یان شیکردنەوەی دەقێکدا خوێنەر وێنەی نووسەرەکەی دێتە بەرچاو، یان یەکێک لە کاراکتەرەکانی رۆمانەکەی لێ دەبێتە نووسەرەکە، واتە دیسان دەتوانین بڵێین نووسەر لە خەیاڵی خوێنەردا نەسڕاوەتەوە، وەک ئەوەی رۆلان بارت خستییە روو بەتایبەتیش کاتێک خوێنەر ئاگەداری بەشێکی زۆری ژیانی تایبەتی نووسەر بێت، یان ژیاننامەکەی خوێندبێتەوە. ناتوانین بڵێین کافکا و نیکۆس کازانتزاکیس دابڕاون لە نووسینەکانیان، یان دۆستۆیۆفکسی و هەمەنگوای دابڕاون لە دۆخی نێو رۆمانەکانیان.

من لەوەتەی چیرۆکەکانی ئارام کاکەی فەلاح دەخوێنمەوە هەمیشە هەست بە ئامادەبوونی خودی ئارام وەک پاڵەوانی چیرۆکەکان دەکەم، هەرچەندە چەند ساڵێک خوێنەریشی بووم بەدەر لەوەی لە نزیکەوە بیناسم، بەڵام هەستم بە هەناسەی خۆی دەکرد لە نێو رستەکاندا، ئەمەش رەنگە بۆ ئەوە بگەڕێتەوە، کە ئارام لەو نووسەرانەیە ناتوانێت هەم لە واقیع دابـبڕێت و هەم بەردەوام لە هەوڵی خوڵقاندنی پاڵەوانی راستگۆدایە. پاڵەوانەکانی ئارام راستگۆن لەگەڵ ئەو پەیامەی بۆی دروست بوون و لە تێکستەکەدا بۆی دەژین، کە ئەم حاڵەتە لای بەشێک لە چیرۆکنووسانی ئەو نەوەیەی ئەو نابینینەوە.

پاڵەوانی نێو چیرۆکەکانی ئارام ئازادن و وەک رۆبۆت نین بەدەست چیرۆکنووسەوە و بۆ خۆیان خاوەنی ژیانی خۆیانن. ئەگەر سەیری غەریب ریکۆد بکەین لە چیرۆکی "نوسینەوەی درک"دا تەواو هەست بە ئازادی ژیانی ئەو پاڵەوانە دەکەین و هەتا دەگاتە ئەوەی بڵێت من لە چیرۆکێکی تردا دێمەوە لاتان و ئەم بەسەرهاتەتان بۆ تەواو دەکەم. واتە نووسەر ئەوەندە ئازادیی بە پاڵەوانەکە بەخشیوە، کە مافی ئەوەی هەیە لە تێکستی تریشدا بژی، کە ئەم حاڵەتە بۆ چیرۆکی کوردی نوێیە و تەنیا لای عەتا محەمەد هەستم بە چەندجار ژیانەوەی پاڵەوانەکان کردووە، کە دەتوانین نموونەی "مەولانا و مەحوی" وەک دوو نموونەی دیار وەربگرین، کە هەردووکیان لە چەند چیرۆکێکی عەتادا ئامادەیان هەیە. ئەوەی ئەم ئەزموونەی ئارام لە عەتا جیا دەکاتەوە چەند خاڵێکە، کە یەکەمیان ئەوەیە پاڵەوانەکە لە هەناوی مێژووەوە نەهاتووە و بەرهەمی خەیاڵی نووسەرە. دووەم "غەریب ریکۆد" ئاگەداری

ئەوەیە کە ژیانی تر دەژی لە نێو تێکستدا، بەڵام هیچ کام لە "مەولانا و مەحوی" ئاگەداری ئەوە نین، رەنگە بژین، بەڵام خۆیان پێنازانن. بۆیە دەبینین هەریەک لە عەتا محەمەد و ئارام کاکەی فەلاح توانیویانە تێگەیشتنی باو بۆ پاڵەوان لە نێو چیرۆکی کوردیدا بگۆڕن و دنیابینییەکی تر بۆ چەمکی "پاڵەوان" بهێننە نێو چیرۆکی دوای راپەڕین.

ئێمە لەم نووسینەدا لەمەڕ چیرۆکی "باوکی ناو تەلەفون"ی ئارام کاکەی فەلاح دەدوێین و هەوڵی ئەوەمان داوە، کە بەشداربین لە کەشفکردنی بەشێک «نەک هەمووی» لە ماناکانی ئەم چیرۆکە و پێدەچێت دەروازەی تریش مابێت ئێمە لێمان نەدابێت، بەڵام ئێمە لەم نووسینەدا تەنیا ویستوومانە لەسەر ئەم لایەنانە هەڵوەستە بکەین.

## ناوونیشان و چیرۆکەکە

ئەگەر سەرنجی رەگەزی ناوونیشان بدەین لە چیرۆکی"باوکی ناو تەلەفون"دا دەبینین ناوونیشانێکی سەرنجراکێش و نوێیە، بەڵام خوێنەر، کە دەستپێکی چیرۆکەکە دەخوێنێتەوە ئەو نادیاری و هێزە جادووییەی ناوونیشان هەڵگریەتی و چیرۆکنووس کاری بۆ کردووە، بەتاڵ دەبێتەوە، ئەوەش لە یەکەم دێڕی دەستپێکەکەوە هەستی پێ دەکەین، کە چیرۆکەکە بەم شێوەیە دەست پێ دەکات:

"من باوکی ناو تەلەفونم، کچێکم هەیە و رۆژانە بە تەلەفون قسە دەکەین."

ئەم دەستپێکە تەواوی ئەو نادیارییە بەتاڵ دەکاتەوە، کە ناوونیشان هەڵگریەتی، کە بەسەرنجدان لەم حاڵەتە ناتوانین بڵێین چیرۆکنووس لە بەکاربردنی ئەم ناوونیشانەدا سەرکەوتوو بووە، هەرچەندە کۆکین لەسەر ئەوەی ناوونیشانەکە ناوونیشانێکی نوێ و جوانە و چیرۆکەکەش هەڵگری چەند لایەنێکی جیاجیایە و تا رادەیەک هەست بە فرە رەهەندی دەکەین. بەڵام ئەگەر ئێمە بە چاوێکی هونەرییەوە سەیری بەکارهێنانی ناوونیشان بکەین، ئەوا دەبینین، کە دەستپێکی چیرۆکەکە یاریدەدەر نییە بۆ ناوونیشانەکە. هەروەها ئەم چیرۆکنووسە هەمان حاڵەتیشی لە چیرۆکی "گرێبەستە لەگەڵ تاریکی"یشدا دووبارە کردووەتەوە، پاڵەوانی چیرۆکی "گرێبەستە لەگەڵ تاریکی" کەسێکی نابینایە و هەر لە سەرەتای چیرۆکەکەوە چیرۆکنووس ئەوە دەخاتە روو، کە پاڵەوانی چیرۆکەکەی لە منداڵییەوە نابینایە و بۆ سی و دوو ساڵ دەچێت هیچ شتێکی دەرەوەی خۆی نەبینیوە. لەم سەرەتایەوە خوێنەر هەست بەوە دەکات لە بەردەم پاڵەوانێکی نابینادایە

و ئەمەش تا رادەیەکی زۆر سیحری ناوونیشانی دەقەکە وەک لە چیرۆکی "باوکی ناو تەلەفون"یشدا ئاماژەمان بۆ کرد بەتاڵ بووەتەوە، کە نووسەر ویستوویەتی نادیارییەک لە ناوونیشاندا بە خوێنەر بگەیەنێت. بەڵام لە دەستپێکی چیرۆکەکەدا، ئەو سیحرەی ناوونیشان بەتاڵ بووەتەوە و ئەم سەرەتایە زیانێکی زۆری لە ئیستاتیکای دەقەکە داوە، یان دەتوانین بڵێین خاڵی لاوازی ئەم دوو دەقە لە ناوونیشاندا کۆ دەبێتەوە.

رەنگە گێڕانەوەی چیرۆکی "باوکی ناو تەلەفون" لە زۆرێک لە چیرۆکەکانی تری ئەم نووسەرە قورستر بێت، چونکە چیرۆکەکە تێکەڵکردنی دوو چیرۆکە، کە یەکێکیان ئێمە بە "چیرۆکی سەرەکی" ناوی دەبەین و باس لە کەسێک دەکات، کە توشی نەخۆشی دەروونی بووە و چووەتە لای دوکتۆری دەروونی بۆ ئەوەی چارەی ئەو گیروگرفتانەی بۆ بکات، کە لە ژیانی رۆژانەدا توشی بووە و ئەنجامی لێکجیابوونەوەیەتی لەگەڵ هاوسەرەکەی و دوورییەتی لە کچە تاقانەکەی. پاڵەوانی چیرۆکەکە لای دوکتۆری دەروونی دەست بە گێڕانەوەی چیرۆکی ژیانی دەکات. ئەم چیرۆکەش وەک زۆرێک لە چیرۆکەکانی تری ئەم چیرۆکنووسە گێڕانەوەیەکی "تەنز"ئاساییانەی هەیە، ئەمە بێجگە لە کۆلاژکردنی چیرۆکێکی منداڵان، کە دەکرێت وەک چیرۆکێکی لاوەکی تەماشای بکەین و تێهەڵکێشی چیرۆکە سەرەکییەکە کراوە و پاڵەوانی چیرۆکە سەرەکییەکە بۆ کچەکەی دەگێڕێتەوە، کە باس لە چیرۆکی مێرووڵەیەکی پرتەقاڵی و کەروێشکێک دەکات. دواتر زیاتر لەسەر ئەم حاڵەتی کۆلاژکردنە دەوەستین.

**هەریەک لە عەتا محەمەد و ئارام کاکەی فەلاح توانیویانە تێگەیشتنی باو بۆ پاڵەوان لە نێو چیرۆکی کوردیدا بگۆڕن و دنیابینییەکی تر بۆ چەمکی "پاڵەوان" بهێننە نێو چیرۆکی دوای راپەڕین**

**ئەوەی ئارام کاکەی فەلاح لە چیرۆکی "باوکی ناو تەلەفون" دا کاری پێ کردووە، گیرۆدەبوونی پاڵەوانی چیرۆکەکەیە بە خەونەوە**

## پاڵەوانێک گیرۆدەی خەون

ڕەنگە نووسەران و چیرۆکنووسان لەو مەخلوقاتانە بن، کە هەم ئاوات بەبینینی زۆرترین خەون بخوازن، هەم زۆرترین خەون ببین، بۆیە ڕەنگە زۆرجار ئەو خەونانە ببێتە ئیلهام بۆ نووسینی تێکستەکانیان. ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ سەرەتای چیرۆکی کوردیش دەبینین خەون پێکهاتەی سەرەکی یەکەم چیرۆکی کوردییە، کە لە "خەوما"ی جەمیل سائیبە. ئەم چیرۆکە ئەگەرچی ڕەخنەگرتنێکی ئاشکرای دەسەڵاتی ئەوکاتی شێخ مەحموود دەکات، بەڵام بەکاربردنی خەون لە گێڕانەوەدا بۆ ئەو سەرەتایەی چیرۆکی کوردی کارێکی پڕ بایەخە. عەتا محەمەدیش لە کتێبی "پەرتوکی خەون"دا بە وردی کاری لەسەر زۆرێک لە لایەنەکانی خەون کردووە و دەیان خەونی جۆراوجۆر و سەیروسەمەرەی ئەفراندووە، هەر لە خەون و نووسینەوە تا دەگاتە خەون و شارەکانی ئەفسانە. بەڵام ئەوەی ئارام کاکەی فەلاح لە چیرۆکی "باوکی ناو تەلەفون"دا کاری پێ کردووە، گیرۆدەبوونی پاڵەوانی چیرۆکەکەیە بە خەونەوە، کە ئەم پاڵەوانە لە بێخەوییەکی کوشندەدا دەژی. ئەو ساتانەشی کە خەوی لێ دەکەوێت وەک خۆی دەڵێت: "وەک ئەوە وایە بچێت بۆ شەڕ".

پاڵەوانی چیرۆکی "باوکی ناو تەلەفون" لە بەردەم پزیشکی دەروونیدا دەست بە گێڕانەوەی چیرۆکی ژیانی دەکات و دەیەوێت ئەو پزیشکە لەگەڵ خەوندا ئاشتی بکاتەوە، بۆیە داوا لە پزیشکی دەروونی دەکات، کە کارێکی بۆ بکات بتوانێت بە شێوەی ئاسایی بخەوێت، نەک بە شێوەی پچڕ پچڕ و لە کاتی خەوتنیشدا خەونی ناخۆش و ناجۆر ببینێت. ئەو پاڵەوانە دەگاتە ئەو حاڵەی ترسی ئەوەی هەیە، کە خەونەکانی بیکوژن و بە پزیشکەکە دەڵێت:" من ڕۆژێ خەونەکانم دەمکوژن، دوکتۆر گیان، خەونەکانم دەمکوژن".

یەکەم پرسیار، کە پێویستە لێرەدا بیکەین ئەوەیە کەی خەونەکان دەبنە بکوژی مرۆڤ؟ ئایا خەون چۆن دەبێتە بکوژ؟ نووسەر لەم چیرۆکەدا و لە سەرەتای چیرۆکەکەوە باس لەو ڕووداوانە دەکات، کە بەسەر پاڵەوانەکەدا هاتووە و لە باوکێکی ئاساییەوە کردوویەتییە باوکی ناو تەلەفون و تەنیا دەتوانێت لە ناو تەلەفوندا ببێتەوە بە باوکی کچەکەی و هەست و سۆزە پەنگخواردووەکانی باوکایەتی بۆ دەربڕێ. بۆیە ئەم پاڵەوانە لەگەڵ هەستکردن بەو حاڵە دەروونییە نالەبارەی تێیدایە ڕەفتاری تا دێت خراپتر دەبێت، ئەمە لە ژیانی ئاسایی ڕۆژانەیدا و تا هاوڕێکانی داوای لێ دەکەن سەردانی پزیشکی دەروونی بکات، ئەگەرچی

خـۆیشـی بڕوای پێی نییــە، بەڵام لەبەر دڵی هـاوڕێکانی هـاتووە بۆ لای پزیشـکی دەروونی. هاوکات ئەم پاڵەوانە گیرۆدەیە لە خـەونەکانیشیدا ئۆقرەی نەماوە و بە تەواوی خـەونەکانی نائاسـایین.

لێــرەدا بۆ زیـاتر روونکردنـەوەی ئەم بابـەتە پشت بـە بۆچوونێکی ســیگمـــۆند فــرۆید دەبەسـتم. فرۆید لەو لێکۆڵینەوەیەی لەسـەر زیاتر لـە ٣ هـەزار کـەس ئەنجامی دا، گـەیشـتـە ئەو بڕوایەی "خـەون بەهـۆی ورووژێنەرە دەروونییەکانەوە پەیدا دەبێت و پێوەندیی بە هـەست و سـۆزەکـانـەوە هـەیە". لێـرەوە دەکـرێت ئێـمـەش ئـەوە بخـەینـە روو، کـە تێکچــوونی باری دەروونی هـەرکـەسـێک کـاریگەری دەکـاتە سـەر رەفـتاری لە ژیـانی رۆژانە، کـە ئەوە ئاسـایی هـەسـتی پێ دەکـەین، هـاوکات لە خـەونەکانیـشـدا رەنگدانـەوەی دەبێت، وەک ئـەوەی ئارام لـەم چیرۆکەدا ویستوویەتی ئەم لایەنە دەروونییەی پاڵەوانەکەی لەم ڕێگەیەوە بخاتە روو.

ئێل شـتـرۆمـپێڵ لە لێکۆڵینەوە بەناوبانگەکەیدا "سـروشت و پێگەی خـەونەکـان" لە بارەی خـەونەوە دەڵێت: "ئەوەی خـەون دەبـینێت، پشت دەکاتە جیهانی هـەست و بێداری، لە خـەوندا ناواخنی یـادەوەرییـەکانـی بێداری و رەفـتـارە ئاسـاییـیـەکـان بە زۆری ون دەبن، دەروون لە خـەوندا بەشـێـوەیەکی نیـمـچـە دابڕاو و بێـسنوور، لە ناوەڕۆکی حـاڵەتی ئاسـایی جـیـا دەبێتەوە". واتە دەکرێت بڵێین خـەون کاتێک دەبێتە بکوژ، کە تا رادەیەک مرۆڤەکە کۆنترۆڵی خۆی لە دەست دابێت و نەتوانێت بەسەر ئەو بارە دەروونییە شێواوەی ڕێک بخاتەوە. رەنگە هـەر لێرەشـەوە بێت، کە پاڵەوانـی چیرۆکەکەی ئارام لە بەشـێکی تری چیرۆکەکەدا دەڵێت: "من لە خـەونەکانمدا زۆر بێ ماڵم، زۆر بێ حاڵم، زۆر بێ هـاوڕێم، دەچمەوە شاری منداڵیم و کـەس ناناسـمەوە و کەس نامناسێتەوە".

وێناکـردنی پاڵـەوانێک، کـە گیـرۆدەی خـەونە و دەیەوێت لە شـەڕی خـەون رزگـاری بێت، ئەگـەرچـی هـەست بەوە دەکـرێت، بەشـێک لە واقـیـع لە پشت دروسـتکردنی ئەم پـاڵەوانەوە بێت، بەڵام فـەنـتـازیاش ئامـادەبوونێکی تەواوی هـەیەو چیرۆکنووس لە تێکەڵکردنی ئەم دوو رەگـەزە بنچینـەییـەی چیرۆکەکەدا تا ئاسـتێکی زۆر سـەرکـەوتوو بووە. هـەروەهـا پێدەچێت نووســەر بیـەوێت لە ڕێی ئەم چیـرۆکـەوە کـولـتـووری کوردی لـەگـەڵ خـەون ئاشت بکـاتەوە، بەوەی پاڵەوانەکە پاڵەوانێک نییە، کە بیـەوێت لە خـەون هـەڵبێت، بەڵکو ئەم پاڵەوانە گیرۆدەی خـەونی ئازاراوییـە و هـەست بـەوە دەکات، کـە ریتـمی خـەوتن و خـەونبـینینی تێکچـووە و

پێویسته ڕێک بخرێتەوە، کە بەلای ئێمەوە ئەمە وێناکردنێکی دۆخی کولتووری کوردییە، کە زۆرجار مرۆڤی کورد، یان مرۆڤێکی "خەونپەرست"ە، یان بووەتە مرۆڤێکی "دژە خەون"، کە من لاموایە هەردوو حاڵەتەکە هەڵەیان تێدایە و دەبێت لە ڕێی پزیشکێکی دەروونییەوە «وەک ئارام لە چیرۆکەکەدا دەیخاتە ڕوو» کۆمەڵگەی کوردی لەگەڵ خەوندا ئاشت بکرێتەوە. بۆیە من هەم سەرسامم بەو هەوڵەی جەمیل سائیب کە نزیکەی سەدەیەک لەمەوبەر لە ڕێی خەونەوە گوتاری گێڕانەوەی پەرە پێدا لە نێو کولتووری ئێمەدا، هەم ئەو هەوڵەی عەتا محەمەدیش هیچی کەمتر نییە لە هەوڵەکەی جەمیل سائیب و ئەم چیرۆکەی ئارامیش دەکرێت وەک دەروازەیەکی تر سەیر بکەین بۆ کارکردن لەسەر هەمان حاڵەت، بەڵام لە ڕوانگە و دەروازەی جیاوازەوە بۆ هێنانەدی کولتووری خەونبینین، چونکە هەر کولتوورێک خەونی زۆری تیا نەبینرێت جوانی تێدا بەرهەم نایەت، بۆیە دەکرێت پاڵەوانەکەی ئەم چیرۆکەش وەک گەڕیدەیەکی نێو خەونەکان سەیر بکەین، کە بە دوای جوانیدا دەگەڕێت.

ئارام لەم چیرۆکەدا لە ڕێی کۆلاژکردنی دوو چیرۆک و دوو شێواز لە گێڕانەوەوە چیرۆکێکی نوێی بەرجەستە کردووە

هاوکات دەکرێت ئەو کولتووری خەونبینینەی ئاماژەمان پێدا لای بەختیار عەلی لە "دنیا بینیندا" بیخوێنینەوە، کە ئەم نووسەرە لە ڕۆمانی "کۆشکی باڵندە خەمگینەکان"دا بە شێوەیەکی جوان کاری لەسەر کردووە. واتە بینینی خەون لای ئارام و بینینی دنیا لای بەختیار دەکرێت هەردوو حاڵەتەکە بمانباتە سەر ڕێگەیەک، کە ئەویش ڕێگەی تێکشکاندنی کولتوورێکی داخراو و دروستبوونی کولتوورێکی فرە ڕەنگ و کراوە، کە لێیەوە مرۆڤ بەشێوەیەکی تر سەیری دنیا بکات و ببێتە هۆی ئەوەی جۆرێکی دی لە دنیابینی دروست بێت.

لای دیکنز ڕووداوەکان و کەسێتییەکان لە هەناوی چیرۆکدا کۆلاژ کراون. نەک وەک لای ئارام کاکەی فەلاح دەردەکەوێت، کە چیرۆکی دوو دنیای جیاوازی کۆلاژ کردووە.

## کۆلاژکردن لە چیرۆکدا

هیچ ژانرێکی تر هێندەی چیرۆک و رۆمان سەروکاری لەگەڵ کۆلاژکردندا نییە، چیرۆکنووس لە رێی کۆلاژکردنەوە هەوڵی بەرجەستەکردنی خەیاڵ و فەنتازیا و ئەو رووداوە ئەندێشەییانە دەدات، لە چوارچێوەیەکی دارێژراودا، کە هەر نووسەر و بە پێی تێڕوانین و توانای لە شێوەیەکدا دایدەرێژێت، یان بەهۆی فێڵە ناکۆتاکانی دنیای ئەدەبەوە دەیکاتە تێکستی ئەدەبی.

ماریۆ بارگاس یۆسای نووسەری پیرۆیی دەنووسێت: "ئەدەب فێڵێکی گەورەیە، ئەدەبی مەزن دەتوانێ ئەمە بشارێتەوە، بەڵام ئەدەبی خراپ ئاشکرای دەکات و ئابڕووی دەبات". رەنگە ئەم قسەیەی "یۆسا" نوێ نەبێت، بەڵام قسەیەکی نەمرە و من بڕوام پێیەتی، چونکە ئەو نووسەرەی لە بەکاربردنی ئەو فێڵەی ئەدەبدا وشیار نەبێت، دواجار ئەدەبێکی مردوو بەرهەم دێنێت. هەروەها رەگەزێکی سەرەکی کە دەبێتە هۆی نەمری لە ئەدەبدا هونەری کۆلاژکردنە. ئێمە دەتوانین چەندین نموونەی چیرۆکی جوانی کوردی و جیهانی، کە لە هونەری کۆلاژکرنی رووداوەکاندا دەورێکی کاریگەریان هەبووە بدۆزینەوە، بەڵام کەمن ئەو جۆرە کۆلاژکردنانەی کە کۆلاژن لەنێوان دوو جۆر چیرۆک و تایبەتن بە دوو دنیای جیاواز، کە دنیای گەورەکان و دنیای منداڵانە. چارلز دیکنز لەو نووسەرانەیە، کە چەندین چیرۆکی نووسیوە، هەم بۆ دنیای گەورەکان شیاوە و هەم نەوجەوانان دەتوانن چێژی لێ وەربگرن.

ئارام کاکەی فەلاح لە چیرۆکی"باوکی ناو تەلەفون"دا جیا لەو شێوازە دیکنزییە نموونەیەکی تری کۆلاژکردنی لەم چیرۆکەدا بەرجەستە کردووە، کە تێکەڵکردنی چیرۆکی گەورەکان و منداڵانە. واتە ئارام لەم چیرۆکەدا لە رێی کۆلاژکردنی دوو چیرۆک و دوو شێواز لە گێڕانەوەوە چیرۆکێکی نوێی بەرجەستە کردووە. هەروەها دەمەوێت لەمەڕ کۆلاژکردنی دیکنزی بدوێم و ئەوەش بخەمە روو، کە مەبەست لە کۆلاژکردنی دیکنزی چییە؟

چارلز دیکنز لەو نووسەرانەیە کە لە رۆمان و نۆڤلێتەکانیدا کۆلاژکردنێکی جوان و سەرنجراکێش لە نێوان چیرۆکی گەورەکان و مێردمنداڵاندا بەکاردێنێت. خوێنەر کاتێک بەرهەمێکی دیکنز دەخوێنێتەوە دەبینێت پاڵەوانەکان تێکەڵن لە منداڵ و گەنج، بەڵام حیکایەتی دڵی ئەوان حیکایەتێکی گشتین و خوێنەر هەست بەوە دەکات ئەو چیرۆکە تەنیا



بۆ تەمەنێکی دیاریکراو نەنووسراوە. واتە ئەگەرچی بەشێک لە رۆمان و نۆڤلێتەکانی دیکنز لێی نووسراوە کە "بۆ نەوجەوانانە"، بەڵام من پێموایە ئەوە پۆلێن بەندییەکی دروست نییە، چونکە ئەم نووسەرە تەنیا لەسەر چینێکی دیاریکراو کاری نەکردووە، بەڵکو لەسەر مرۆڤ وەک بوویەکی سەر زەوی و هەڵگری کێشەی ناوەکی و جەوهەری کاری لەسەر کردووە.

هەروەها دیکنز لە بەشێکی زۆر لە بەرهەمەکانیدا هەوڵی کۆلاژکردنی خەمی مرۆڤە گەورەکان و نەوجەوانانی داوە، کە ئێمەش باس لە کۆلاژکردنی دیکنزی دەکەین مەبەستمان لەم حاڵەتەیە، واتە لای دیکنز رووداوەکان و کەسێتییەکان لە هەناوی چیرۆکدا کۆلاژ کراون. نەک وەک لای ئارام کاکەی فەلاح دەردەکەوێت، کە چیرۆکی دوو دنیای جیاوازی کۆلاژ کردووە.

پاڵەوانی چیرۆکی "باوکی ناو تەلەفون" لەگەڵ ئەوەی سەرقاڵی گێرانەوەی چیرۆکی ژیانی خۆیەتی بۆ پزیشکە دەروونییەکە، هاوکات چیرۆکێکیش بۆ منداڵەکەی دەگێرێتەوە، کە لە رێی گرێچنێکی جوانەوە چیرۆکنووس چیرۆکێکی جیهانی منداڵانیشی تێکەڵی چیرۆکە سەرەکییەکە کردووە و نووسەر نەهاتووە لە سەرەتا، یان ناوەڕاست، یان کۆتایی چیرۆکەکەدا بەیەکجار چیرۆکی مێروولە پرتەقاڵییەکەمان بۆ بگێرێتەوە، بەڵکو بە تێکەڵکێشکردنی لەگەڵ چیرۆکە سەرەکییەکەدا و لە چەند بەشێکی پچڕپچڕدا چیرۆکەکە دەگاتە کۆتایی. ئەوەی گرنگە لێرەدا تەنیا خستنە هەناوی چیرۆکێکی تر نییە بۆ ناو چیرۆکە سەرەکییەکە، بەڵکو بوونی ئەم جۆرە لە کۆلاژکردنە، کە چیرۆکنووس بەکاری هێناوە تا خوێنەر بێزار نەکات لە خوێندنەوەی چیرۆکە سەرەکییەکە، دەبینین لەپڕ چیرۆکی مێروولەی پرتەقاڵی دێتە نێو گێرانەوەکەوە و پاشان دەپچڕێت و لە دوایدا دەست پێ دەکاتەوە، خۆ ئەگەر نووسەر ئەم چیرۆکەی وەک چیرۆکێکی ئاسایی بخستایەتە نێو هەناوی چیرۆکەکە ئەوکات نەدەکرا ئێمە باس لە "هونەری کۆلاژکردن" لەم چیرۆکەدا

بکەین، بەڵکو دەبووە جۆرە گێڕانەوەیەک، کە لە حیکایەتەکانی نێو "هەزارو یەک شەوە"دا بوونیان هەیە. واتە ئەوەی گرینگە لە دوو خاڵدا خۆی دەبینێتەوە، کە یەکەمیان: گێڕانەوەو نووسینی چیرۆکی منداڵانە لە نێو چیرۆکی گەورەکاندا. دووەمیش ئەوەیە گێڕانەوەکە هونەری کۆلاژکردنی تێدا بەکار براوە، کە پێموایە بۆ چیرۆکی کوردی دوای راپەڕین شتێکی نوێ بێت. ئەگەر سەرنج بدەین چیرۆکی "باوکی ناو تەلەفون" لە نۆڤەمبەری ٢٠٠٧دا نووسراوە، بەڵام هەمان نووسەر پاش نزیکەی دوو ساڵ چیرۆکی "دیلی دەنگەکان" لە نیسانی ٢٠٠٩دا دەنووسێت، کە نووسەر هەمان هونەری کۆلاژکردنی تێدا بەکاربردووە بەهەمان ستایل و شێوە و لە ئاستێکی بەرزتردا لە چیرۆکی باوکی ناو تەلەفون.

**لە نێو ئەم چیرۆکانەی ئارامدا هەست بە گۆڕانی وەزیفەی پاڵەوان دەکەین لە بەکاربراوێکەوە بۆ بکەرێکی ئازاد، کە دەستی لە دروستکردنی ژیانی نێو چیرۆکدا هەیە**

لە چیرۆکی "دیلی دەنگەکان"دا نووسەر لەگەڵ گێڕانەوەی چیرۆکی پاڵەوانەکەدا دیسان چیرۆکی رۆژی لەدایکبوونی مەرجانەی کچی پاڵەوانەکە دەنووسێتەوە. لەم چیرۆکەدا مەرجانە جارێک دەبێتە گێڕەرەوە و جارێکی تر دەبێت بە پاڵەوانی چیرۆکەکە. رەنگە ئەم خاڵە خاڵی هەرە جیاواز و نوێی نێوان ئەم دوو چیرۆکەی ئارام بێت، کە لە روانگەی منەوە ئارام لە چیرۆکی دووەمدا مەبەست لە دیلی دەنگەکانە ئاستێکی بالاتری هونەری کۆلاژکردن و گێڕانەوەی بەکاربردووە، چونکە لە "باوکی ناوتەلەفون"دا ئێمە تەنیا قسەی پاڵەوانەکە و پزیشکە دەروونییەکە دەخوێنینەوە، بەڵام لە "دیلی دەنگەکان"دا گێڕانەوە بە قسەی مەرجانە دەست پێ دەکات، کە دواتر لە گێڕانەوەی پاڵەوانە سەرەکییەکەدا دەبێتە پاڵەوان بۆ چیرۆکەکەی تر. وەک دەبینین لە چیرۆکی "دیلی دەنگەکان"دا خەونی چیرۆکنووس

**شیکردنەوەی دەق پێویستی بە وردبوونەوەی خوێنەر و لێکۆڵەرە بۆ ئەوەی هەموو پنتە شاراوەکانی دەق بدۆزێتەوە**

تەنیا لەوەدا کورت نەبووەتەوە کە چیرۆکێک بنووسێت هونەری کۆلاژکردنی تێدا بێت وەک "باوکی ناو تەلەفون" بەڵکو خەونی ئەوەشی هەبووە ئەمجارە گەمە بە پاڵەوانەکان بکات و جێگۆڕکێیان پێ بکات. جارێک پاڵەوان گێڕەرەوە بێت و جارێکی تریش بیکاتەوە بە پاڵەوان. واتە ئەوەی خاڵی بەهێزی دیلی دەنگەکانە، دەکرێت لە گەمەکردنەکانی چیرۆکنووس لە نێوان "پاڵەوان و گێڕەرەوەدا " بیبینین، کە من پێموایە ئەم خاڵە دەبێتە خاڵێکی بەهێز بۆ چیرۆکەکە. هەروەها وەک لە سەرەتای ئەم نووسینەدا لەمەڕ چەمکی "پاڵەوان" لای ئارام قسەم کرد، دەبینین پاڵەوانی نێو چیرۆکی "دیلی دەنگەکان" هەم پاڵەوانێکی ژیاندۆستن و هەم بۆ خۆیان ئازادانە دەژین، ئەوەش وەک خستمە روو جارێک دەبنە گێڕەرەوە و جارێکی تر دەبنەوە بە پاڵەوان، بۆیە ئێمە لە نێو ئەم چیرۆکانەی ئارامدا هەست بە گۆڕانی وەزیفەی پاڵەوان دەکەین لە بەکاربراوێکەوە بۆ بکەرێکی ئازاد، کە دەستی لە دروستکردنی ژیانی نێو چیرۆکدا هەیە.

## ئەنجام و کۆتایی

چارلیز برێسلێر لە بارەی شیکردنەوەی دەقەوە ئەوە دەخاتە روو، کە دەق سەرلەبەری ئەو شتانە ئامادە دەکات، کە بۆ راڤەکردنی خۆی پێویستی پێیەتی. واتە شیکردنەوەی دەق پێویستی بە وردبوونەوەی خوێنەر و لێکۆڵەرە بۆ ئەوەی هەموو پنتە شاراوەکانی دەق بدۆزێتەوە و دواجار بیانکاتەوە بە کەرەستەی شیکردنەوەی دەقەکە. هەر لەمەڕ ئەم پرسە "رۆژێنبلات" ئەوە دەخاتە روو، کە خوێنەر و دەق دەبێ شانبەشانی یەکتری بۆ بەرهەمهێنانی مانا هەوڵ بدەن. لێرەشەوە تێ دەگەین، کە نابێت خوێنەر چاوەڕوانی ئەوە بکات دەق هەموو دەرگاکانی بۆ بخاتە سەر پشت، بەڵکو پێویستە خوێنەر بەشداری هەبێت لە کردنەوەی ئەو دەرگایانەدا، یان چارلیز برێسلێر لە وتەکەی سەرەوەدا خستییە روو دەق هەموو شتەکانی لە هەناویدا هەڵگرتووە، بەڵام پێویستی بە نهێنی دۆزێکە. رەنگە هیچ شتێک لە ئەمڕۆدا لەوە سەختتر نەبێت کە چیرۆکنووس بە دوای شێوازێکی تردا بگەڕێت بۆ گێڕانەوە، بەڵام ئەوە شتێکی نەشیاوە بڵێین ئەمە دوا جۆر و دوا شێوازە لەگێڕانەوەدا. هەتا مرۆڤ لە ژیان بەردەوام بێت چۆن داهێنانی نوێ لە بواری ئەلیکترۆنییاتدا دەکرێت ئاوهاش داهێنانی نوێ لە دۆزینەوەی شێوازی نوێی گێڕانەوەدا دەکرێت. رەنگە ئەم شێوازە گێڕانەوە و کۆلاژکردنەی "ئارام کاکەی فەلاح" لەم دوو چیرۆکەدا بە کاری بردووە

بۆ هەندێک کەس چێژێکی ئەوتۆی نەبێت، یان وەک داهێنان سەیری نەکەن، بەڵام بمانەوێ، یان نا شێوازێکی نوێیە لە گێرانەوەدا بۆ چیرۆکی کوردی دوای راپەڕین و دەکرێت وەک هەوڵێکی سەرکەوتوو بنرخێنرێت. پۆل دی مانی بیریاری فەرەنسی، دەق وەک جۆرە پێکهاتەیەک دەبینێ، کە هەمیشە و بەردەوام حاڵەتی "ناخوێندنەوەیی" تێدا دەمێنێتەوە، ئەمەش پەیوەندیی بە "نا حەتمییەتی ماناکان"ی دەقەوە هەیە، واتە دەق هەر چەندە بخوێنرێتەوە و ماناکانی راڤە بکرێ، هێشتا بواری زۆرتر بۆ خوێندنەوەی تر و راڤەی جۆراوجۆری تر دەمێنێتەوە، بۆیە ئەم چیرۆکەی ئارامیش زۆر لایەنی تری هەیە کە ئێمە نەمانویست لەم نووسینەدا باسی بکەین. هەروەها هونەری کۆلاژکردنی چیرۆکی منداڵان لەگەڵ چیرۆکی گەورەکاندا، رەنگە نەتوانرێت لە نووسینێکی لەم چەشنەدا حەقی خۆی پێ بدرێت، بەڵام نرخاندنی ئەم هەوڵە لە کارە سەرەکییەکانی رۆشنبیرانە، نەک بێدەنگە لێکردنی. ئەم بابەتەی ئێمە بۆ شکاندنی ئەو بێدەنگییەیە، کە بەرامبەر دەقی جوان و داهێنەرانە، کە نێوەندی رۆشنبیری کوردی هەڵیدەبژێرێت.

پەراوێز و سەرچاوەکان:


* ماریۆ بارگاس یۆسا، ١٢ نامە بۆ چیرۆکنووسێکی لاو، و: شیرین.ک، لە بڵاوکراوەکانی رەخنەی چاودێر، سلێمانی ,٢٠٠٨.
* ئارام کاکەی فەلاح، باوکی ناو تەلەفون-چیرۆک، کۆواری ئاینده ژمارە ٧٦ کانونی دووەمی ٢٠٠٨ لە بڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم
* ئارام کاکەی فەلاح، دیلی دەنگەکان-چیرۆک، کۆواری هەنار ژمارە ٤١ یۆنیۆی ٢٠٠٩ لە بڵاوکراوەکانی بەڕێوەبەرێتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی.
* سیگمۆند فرۆید، لێکدانەوەی خەونەکان، و: ئاوات ئەحمەد، لە بڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم ساڵی ٢٠٠٣
* عەتا محەمەد، دەستنووسی یەکەم و پەرتووکی خەون- دەقی ئەندێشەیی، لە بڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم ساڵی ٢٠٠٣